ئاریز عەلی

یاریزانی کیک بۆکسینگی یانەی پێنجوین:

# ئامانجم ئەوەیە ئاڵای کوردستان لە دەرەوە بەرز بکەمەوە




هەر چەندە یاریی کیك بۆکسینگ لە چاو یارییەکانی دیکە وەکو پێویست لە هەرێمی کوردستان گرنگی پێ نەدراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانان، کە توانیویانە لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا رۆڵی کارا بگێڕن، ئاریز عەلی یەکێکە لەو یاریزانە بەتواناییانەی کە لە چەندین پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیدا شان بەشانی چەندین وڵاتانی دونیا مەدالیای جۆراوجۆری بەدەست هێناوە. ئەو پاڵەوانە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی قەزای پێنجوێنی سەرسنوورە، ئێستاش لە ریزی یانەی پێنجوێن یاری دەکات، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** ئاستی یاریی کیك بۆکسینگ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە راستیدا یاریی کیك بۆکسینگ لە ناو یاریزانە کوردەکاندا کێبڕکێیەکی باشی دروست کردووە، بەڵام پشتگیرییەکی وای لێ نەکراوە کە پێی دڵخۆش بین.

*** بۆچی یانەکانی کوردستان گرنگیی تەواو بەم یارییە نادەن؟**

- چونکە وەك یارییەکانی تۆپی پێ و تۆپی باسکە و یارییەکانی دیکە لە نێو وەرزشکاراندا وەکو پێویست نەناسراوە.

*** بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان چی بکرێت باشە؟**

- بۆ بەرەوپێشچوونی یاریی کیك بۆکسینگ پێش هەموو شتێك کردنەوەی بەردەوامی پاڵەوانێتی لە هەموو ستایلەکانی هونەرە جەنگییەکان گرنگیی خۆی هەیە، هاوکات خولی راهێنەری و هاوکاریکردنی یاریزانەکان لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە رۆڵێکی دیکەی هەیە.

*** کێشەوگرفتەکانی ئەم یارییە لەچیدا رەنگ دەداتەوە؟**

- گرفتی سەرەکیی یاریزانان هاوکارینەکردن و پشتگوێ خستنیانە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چین؟**

- ئەو ئەنجامانەی تائێستا بەدەستم هێناون بریتین لە: بەدەستهێنانی پلەی دووەمی رۆژئاوای ئاسیا لە ستایلی(mma)، بەدەستهێنانی پلەی دووەمی عێراقی لە (ستایلی k1)، لە هەمان ستایل بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی کوردستان، چەندین ئەنجامی دیکەشم لە هەردوو ئەو ئاستەی کە باسم کرد، بەدەست هێناوە.

*** ئایا هیچ یانەیەك بۆ یاریکردن داوای گرێبەستی لێ کردووی؟**

- جگە لە یانەی وەرزشیی پێنجوێن بۆ گرووپی وەرزشیی قەیوان یاریم کردووە، بۆ چەند پاڵەوانیەتییەکیش سپۆنسەریان کردووم.

*** خەونی وەرزشیت چییە و دەتەوێت چ ئامانجێك بەدەست بهێنیت؟**

- من ئامانجم زۆرە و بۆ بەدەستهێنانی هەوڵێکی زۆرم داوە، ئامانجم ئەوەیە ئاڵای کوردستان لە دەرەوە بەرز بکەمەوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا ببمە یەکێك لە یاریزانە دیارەکانی ئەورووپا لە ستایلی (mma).

*** کێ هاوکاریت دەکات؟**

-من لە یانەی پێنجوێنم، لە ناوشاری خۆم لای مامۆستاکانم شاڵاو عەلی و پاڵە عەدنان، هەر ئەو یانەیەش هاوکاریم دەکات.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێت چ پەیامێك بگەیەنیت؟**

- بەهیوای ئەوەم گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێ و خزمەتی زیاتری ئەم یارییە بکرێ، سوپاسی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی بە وەرزشکارانی دەکات لە کوردستان.



# گووتی

## یەکەم ئەرکی راهێنەرایەتی وەرگرت

خۆزێ ماریا گوتی بەفەرمی ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی ئەلمێریای ئیسپانی گرتە دەست و سەرپەرشتی مەشقی یانەکە دەکات.

یانەی ئەلمێریای ئیسپانی ئاشکرایکردووە، گوتی ٤٣ ساڵان ئەرکی راهێنەرایەتی یانەکەیان دەکات لە خولی پلەی دووی ئیسپانیا و سەرپەرشتی یەکەم راهێنانی یانەکەیان دەکات.

گوتی پێشتر راهێنەری تیپی لاوانی ریال مەدرید و یاریدەدەری راهێنەری یانەی بێشیکتاشی تورکی کردووە.

ئەلمێریا بە کۆکردنەوەی ٢٤ خاڵ لە پلەی دووەمی ریزبەندی خولی یانە پلە دووەکانی ئیسپانیا دێت و ئێستا لەلایەن شێخ تورکی سەرمایەداری بەناوبانگی سعوودییەوە خاوەندارییەتی دەکرێت و چاوی لەوەیە بە راهێنەرایەتی خۆزێ ماریا گوتی بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان سەربکەوێت.

خۆزێ ماریا گوتی وەك یاریزان لە ئەکادیمیای یانەی ریال مەدرید پێگەیشتووە و نزیکەی ٢٠ یاری بۆ سەرجەم ئاستەکانی ئەو یانەیە کردووە و دواتر بۆ ماوەی یەك وەرز روویکردە یانەی بێشکتاش و لە ٢٠١١ هەر لەو یانەیە وازهێنانی لە یاریکردن راگەیاند.

## خێزانەکەی مەحرز هەواڵەکان ڕەتدەکاتەوە

هاوژینی ریاز مەحرەزی یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی ئەو راپۆرتەی رۆژنامەی میرۆری رەتکردەوە، کە وێنەی ئەویان لەگەڵ بۆکسێنەرێکی ئەمریکی لە یانەیەکی شەوانەدا بڵاوکردووە و بە جۆرێکی تایبەت باسیان کردووە.

ریتا جۆهالی هاوژینی ریاز مەحرەز لە ئەکاونتی خۆی لە ئینستاگرام وێنەی ئەو راپۆرتەی رۆژنامەی میرۆری بەریتانی داناوە و بابەتەکە بە نادروست و درۆ و بوختان وەسف دەکات.

ریتا نووسیویەتی: ئەمە نامەیەکە بۆ ئەوانەی مێشکیان نییە، بۆ ئەوانەی پێش دەرکەوتنی ئینستاگرام، نەمدەزانی بوونیان هەیە، تکایە دەمتان داخەن، ئەمە درۆ و بوختانە، ئێمە تەنیا باسی کارمان کردووە، هیچ کەسێك بەم بابەتە شۆك نابێت.

رستەی کۆتایی نووسینەکەی ریتا بۆ میدیاکانی بەریتانیا بوو، کە نووسیبویان ریاز مەحرەز بە بینینی هەواڵەکە تووشی شۆك بووە.

رۆژنامەی میرۆر هەفتەی رابردوو راپۆرتێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ریتا جۆهال لەگەڵ بۆکسێنەری ئەمریکی دیۆنتای وایڵدەر لە یانەیەکی شەوانەی شاری مانچستەر دەرکەوتووە، یانە شەوانەکەش لە لای یاریزانانی تۆپی پێی شارەکە جێگەی بایەخە.

وەك لە راپۆرتی رۆژنامەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، لەو شەوەدا ریتا و بۆکسێنەرەکە گونجاوییەکی باش لە نێوانیاندا هەبووە.

رۆژنامەکە نووسیویەتی، مەحرەز بە بیستنی هەواڵی ئەوەی هاوژینەکەی لەگەڵ وایڵدەر لەسەر یەك مێز لەو شوێنەدا بینراون، دووچاری شۆك بووە.

ریتا جۆهال بەریتانییە و بە رەچەڵەك هیندییە، لە ٢٠١٥ لەگەڵ ریاز مەحرەزی یاریزانی جەزائیری هاوسەرگیرییان کردووە و دوو منداڵیشیان هەیە.







## ئەستێرەیەکی ئیتاڵیا بووە راهێنەری یانەیەکی نایابی خولی ئیتاڵیا

فابیۆ گرۆسۆی ئیتاڵی بە فەرمی بووە راهێنەری یانەی بریشیا، بەمەش ماریۆ باڵۆتێلی لەمەودوا لەژێر سەرپەرشتی ئەم راهێنەرە یاری دەکات.

یانە ئیتاڵیەکە، کە خانەی پێش کۆتایی ئەم وەرزەی خولی ئیتاڵی گرتووە رایگەیاند فابیۆ گرۆسۆ بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، کە لە ساڵی٢٠٠٦ نازناوی مۆندیالی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بردەوە راهێنەرایەتی یانەکەیان دەکات.

بریشیا بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی هەفتەی رابردوو ئۆجینیۆ کۆرینی لەکار لادا و گرۆسۆی ٤١ ساڵیش سەرکردایەتی یانەکەی دەکات.

گرۆسۆ لەگەڵ تیپی تازەپێگەیشتووان و لاوانی یۆڤانتۆس دەستی بە راهێنەرایەتی کرد پێش ئەوەی ببێتە راهێنەری یانەی باری لە خولی پلە دووی ئیتاڵیا، دواین جاریش لە وەرزی ٢٠١٨ - ٢٠١٩ راهێنەری یانەی هێلاس ڤیرۆنا بووە و شەش مانگ پێش ئێستا دەستی لە راهێنەرایەتی ئەو یانەیە هەڵگرتووە.



# نەورۆز هەڵدەستێتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی نەورۆز یەکێکە لەو تیپانەی کە وەرزەکانی رابردوو لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کێبڕکێی لەسەر ئەنجامی شایستە دەکرد، ئەم وەرزەش بە هەمان شێوەی وەرزەکانی رابردوو ئامانجی گەورەی هەیە لە خولەکە، پرسیار عەبدولڕەزاق راهێنەری لاوی یانەکەش ئامانجی پێشخستنی ئاست و توانای یاریزانانی یانەکە و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، هەرچەندە لە دوو یاریی دەستپێکی خولەکە ئاستی وەکو پێویست نەبووە، بەڵام راهێنەرانی یانەکە ئامانجی گەورەیان هەیە لەم وەرزە و دەیانەوێ تیپەکە ببەنە قۆناخێکی تازەوە، لەم بارەشەوە پرسیار عەبدولڕەزاق راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەستپێکی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ هەموو یانەکان گرنگیی خۆی هەیە، ئێمە وەکو یانەی نەورۆز راستە لە دوو یاریی پێشوو ئاستمان وەکو پێویست نەبووە، بەڵام هەر لە هەوڵداین بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی یاریزانانمان بەرەوپێش ببەین»، گوتیشی: «ئامادەکارییەکانمان زۆر باشە و بۆ یارییەکانی داهاتوو وەکو پێویست ئامادەکاریی خۆمان کردووە، هیچ کێشەو گرفتێکیشمان نییە لە یانەی نەورۆز، ئێستاش سەرەتایە و دەمانەوێ یانەی نەورۆز بە باشترین شێوە ئامادە بکەین بۆ یارییەکانی داهاتوومان و ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی کوردستان لەم وەرزە بەدەست بهێنین، وەکو ستافی راهێنەرانیش ئەوەی لە توانامان بێت، درێخی ناکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ ئەم ستافە یاریزانە دڵسۆزە باشترین ئەنجام بەدەست بهێنین، یانەکانیش ئاستیان وەکو پێویستە و هەمووی هەوڵی ئەنجامی باش دەدەن لە خولەکە.»

# یانەی هەڵۆ خۆی نوێ کردەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵۆی دەڤەری بارزان ئەم وەرزە وەکو نوێنەری یانەکانی دەڤەرەکە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان یاری دەکات، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش لەم وەرزەدا چاویان لەوەیە بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن و یانەکەش سەربخەن بۆ خولە گەورەکەی کوردستان، لە ئێستاشدا دەستەی کارگێڕیی یانەکە بەر لە دەستپێکردنی خولەکە ئامادەکاریی پێویست دەکەن بۆ ئەوەی ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا بگوازنەوە ریزی یانەکەیان. کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەڵۆ بە فەرمی گرێبەستیان لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان سەرکار سەردار گۆڵپارێزی پێشووی یانەی شێروانە و لوقمان عوبیدوڵا هێرشبەری پیشەگەری ئێرانی و کەیوان محەمەدی لە یانەی نەورۆز و عامر ئیسماعیل لە یانەی دهۆك و هەژار سابیر لە یانەی ئارارات و بێدار محەممەد لە یانەی زاخۆ و میلاد خدری ئەندامی پێشووی یانەکە و عیماد محەممەد لە یانەی کۆیە و سەیف هەموم لە یانەی سۆران، یانەکەش بەم یاریزانانە دەیەوێ شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە بکات، هەرچەندە لە سەرەتای دەستپێکی خولەکان، یانەی هەڵۆ دوچاری کێشەی دارایی قووڵ دەبێتەوە، بەڵام سەرۆك و کارگێڕانی یانەکە بە هەر جۆرێك بێت چارەسەری گرفتەکان دەکەن و، دەیانەوێ یانەی هەڵۆ لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان ناوێکی دیاری خولەکە بێت.



# دەربەندیخان چاوی لە کێبڕکێیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەر لە دەستپێکردنی خولەکە، راهێنەری یانەکە دەستی لەکارکێشایەوە و لە شوێنی ئەویش هۆگر عەبدوڵا وەکو راهێنەری تازەی یانەکە دەستبەرکار بوو. یانەی دەربەندیخان بەهیوای ئەوەیە کە بتوانێ ئەنجامی گەورە لەم وەرزەدا تۆماربکات، لە بارەی ئامادەکارییەکانی یانەکەش هۆگر عەبدوڵا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ێستا دەستپێکی خولە، ئێمەش وەکو ستافی راهێنەرانی یانەکە وردە وردە خەریکە شوێنە بەتاڵەکان پڕ بکەینە، تا ئامادەکاریی زیاتر بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی گەورە لە خولەکە بەدەست بهێنین.» لە بارەی گرفتەکانیش گوتی: «هیچ گرفتێکمان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە هێڵەکانی یاریکردن هەندێك یاریزانمان کەمە، لە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو هێڵانەشین، هەرچەندە لە خولی نایابی کوردستان ئاستی یانەکان بەرزە و هەمووان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە دەدەن، بەڵام ئامانجی ئێمە ریزبەندی پێشەوەیە و هەوڵ دەدەین زیاتریش لە خانەکانی دواوەی ریزبەند دوور بکەوینەوە»، لەبارەی هێنانی یاریزانی تازەش بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەی یانەکە، مامۆستا هۆگر گوتی: «لە هێڵی هێرشبەر و ناوەند پێویستیمان بە یاریزانان هەیە، ئێستا هێرشبەرێکی ئێرانیمان هێناوە و سەیری ئاستی دەکەین و تاقیی دەکەینەوە، ئەوکات گرێبەستی لەگەڵ واژوو دەکەین، وەکو دەستەی راهێنەرانیش ئەگەر ئەو کەمیی ژمارەی یاریزانانە لە هێڵەکان پڕ بکەینەوە، ئەوا ئامانجی گەورەمان لە خولەکە هەیە، وەکو راهێنەرانیش ئامانجی زۆرمان دەبێ بۆ سەرخستنی تیپەکە، ئێستاش سەرەتای خولە، جارێ زۆری ماوە بۆ ئەوەی یانەکان و ئێمەش بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین و دەبێت کێبڕکێ بکەین لەسەر ئەنجامی گەورە، بە پشتبەستن بە دەستەی کارگێڕی و هاندەرانیش، دەتوانین ئەنجامان باشمان هەبێت.»

